# بایده‌میر: به‌ره‌و روخسارێکی نوێ

**سه‌ردار عه‌زیز**

لیڤیناس پێمان ئه‌ڵێت: روخساری ئه‌ویتر وه‌هام لێئه‌كات كه‌ بروا بێنم كه‌ نابێ بكوژم. گوناهی كوشتنی ئه‌ویتر یه‌كێكه‌ له‌ كۆنترین تابوه‌كان، لیڤیناس له‌ ته‌وراته‌وه‌ وه‌ریئه‌گرێ. لای لیڤیناس بێ ئه‌ویتر من بوونی نیه‌؛ بۆیه‌ من پێویستی به‌ ئه‌ویتره‌. ره‌نگه‌ زۆر روخسارو رووالّه‌ت هه‌بێ به‌ ژیانمان بناسێنێ. به‌خێرهاتنمان بكات، له‌ بینینیا هه‌ستبكه‌ین كه‌ كیمیای رۆح په‌یوه‌سته‌ به‌ئه‌ویتره‌وه‌. به‌ڵام روخسار یان رواڵه‌ت ماناو ره‌هه‌ندی زۆری هه‌یه‌. مرۆڤ له‌و به‌شه‌ چڕبووه‌وه‌ی له‌شیا، ده‌توانین بڵێین ناسنامه‌ی هه‌ڵئه‌گرێ. كێیه‌تی كه‌سێك له‌ ره‌نگ و هێڵ و شێوازی رووه‌مه‌تدا به‌ جۆرێكی رووت بۆ ئه‌ویترو دونیا ئاشكرا ده‌بێت.

ده‌مووچاو، رووه‌مه‌ت، روخسار، رواڵه‌ت، لای هه‌ركه‌سێك و بۆ هه‌ركه‌سێك و له‌ هه‌ر كه‌لتورێكا مانای تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌. كه‌ كچی سلێمانی ئه‌بینی به‌ كۆڵێ میكیاجه‌وه‌، ناچارت ئه‌كات هه‌ست بكه‌یت هه‌رچیه‌كت پێئه‌ڵێت درۆئه‌كات. بیرۆكه‌ی شاردنه‌وه‌ یان داپۆشینی رووه‌مه‌تی ئافره‌ت، له‌ شوێنه‌ گشتیه‌كانا، لای موسوڵمانه‌ توندره‌وه‌كان، بیرۆكه‌یه‌كه‌ ره‌گی له‌ مرۆڤ خستنی ئافره‌تدا هه‌یه‌.
به‌ڵام ئه‌وه‌ی من لێره‌دا زیاتر حه‌زئه‌كه‌م بیری لێبكه‌مه‌وه‌؛ رووه‌مه‌تی سیاسه‌تمه‌دارانی كورده‌. رووه‌مه‌تی كه‌سی سیاسی رووه‌مه‌تێكه‌ كه‌ به‌رده‌وام بینراوه‌، به‌ تایبه‌ت له‌م سه‌رده‌مه‌دا، كه‌ به‌رده‌وام كامیراكان له‌ هه‌موو شوێنێ ئاماده‌ن. رووه‌مه‌تی سیاسی ده‌بێته‌ وێنه‌؛ چ له‌ شێوه‌ی فۆتۆگراف، چ له‌ شێوه‌ی ڤیدیو، به‌رده‌وام و رۆژانه‌ له‌ بۆنه‌ و شێوازی جیاوازدا به‌رچاوئه‌خرێن.
به‌ پێی میرلۆپۆنتی؛ دونیا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌یبینین، به‌ڵام ده‌بێ فێربین چۆن ببینین. ئه‌وه‌ی به‌رچاومان ئه‌كه‌وێت، ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌یه‌وێ خۆیمان پیشاندات. له‌م پرۆسه‌ی خۆپێشاندانه‌دا هه‌رده‌م په‌یامێك هه‌یه‌. به‌ڵام ئێمه‌ وه‌ك بینه‌ر ئه‌گه‌ر هاتوو به‌بێ هیچ به‌دواداچونێ ته‌سلیمی په‌یامی مه‌به‌ست بووین ئه‌وا ئێمه‌ نابیناین. چونكه‌ له‌وكاته‌دا وه‌ك خۆمان نابینین به‌ڵكو ئه‌وه‌ ده‌بینین كه‌ ئه‌ویتر، (خاوه‌ن وێنه‌كه‌) مه‌به‌ستیه‌تی ببینین. لێره‌دا ئێمه‌ له‌و ئاسته‌ ئه‌كه‌وین كه‌ هوشیاری خۆمانمان هه‌بێ به‌رامبه‌ر دونیا، به‌ڵكو ده‌بینه‌ وه‌رگر یان په‌سڤ.
ئه‌م دۆخی په‌سڤیه‌تی ئێمه‌ له‌وه‌ ئه‌خات كه‌ هاووڵاتی بین. دیاره‌ ووشه‌ی هاووڵاتی؛ ئه‌و مانایه‌ نابه‌خشێ كه‌ مه‌به‌سته‌. لای بێرنارد لویس، زمانه‌ ئیسلامیه‌كان ووشه‌یه‌كیان نیه‌ له‌به‌رامبه‌ر ووشه‌ی سیتیزن، كه‌ له‌ بنه‌ره‌تا له‌ ووشه‌ی سیڤیس-ی لاتینه‌وه‌ هاتووه‌ كه‌ ره‌گی له‌ ووشه‌ی پۆلایتسی یونانیدا هه‌یه‌، كه‌ به‌مانای به‌شداریكردن له‌ كاروباری گشتیدا یان پۆلسدا دێت. ووشه‌ی هاووڵاتی وه‌رگێرانی عه‌ره‌بی ووشه‌ی موطن-ه‌، به‌ مانای ئه‌وه‌ دێت كۆمه‌ڵێ خه‌ڵك هه‌مان ووڵاتیان هه‌یه‌. به‌ هیچ جۆری باسی ئه‌رك و ماف و بریاردان و به‌شداریكردن ناكات.
وێنه‌ی سه‌ركرده‌ كورده‌كان مایه‌ی تێرامانه‌. ئێمه‌ وه‌ك كورد له‌ گه‌ڵ وێنه‌ی سه‌رۆك و سه‌ركرده‌دا جگه‌ له‌ تراژیدیا هیچی ترمان نیه‌. من نامه‌وێ بگه‌رێمه‌وه‌ بۆ سه‌رده‌می دیكتاتۆر و وێنه‌ قه‌ڵبه‌كانی، كه‌ سه‌رتاپا پانتاییه‌ گشتی و تایبه‌تیه‌كانی داگیركردبوو. ده‌مه‌وێ زیاتر باس له‌ روخساری سیاسه‌تمه‌داره‌ كورده‌كان بكه‌م كه‌ وێنه‌كانیان رۆژانه‌ له‌ رێگایی میدیاكانه‌وه‌ له‌ بۆنه‌و ئاهه‌نگ و دیداره‌كاندا خۆیان ده‌خه‌نه‌ ماڵه‌كانه‌وه‌.
رووه‌مه‌تی سیاسه‌تمه‌داری كورد، رووه‌مه‌تێكه‌ ناسینه‌وه‌ی ئاسان نیه‌. نوسه‌ری تورك ئۆرهان پامۆك له‌ ووتارێكا ده‌رباره‌ی دادگاكه‌ی( كه‌ من له‌ ئینگلیزیه‌وه‌ كردمه‌ كوردی؛ له‌ رۆژنامه‌ی رۆژهه‌ڵات بلاوكرایه‌وه‌) ده‌ڵێ؛ ئه‌و ده‌سته‌ نوێیه‌ی له‌ سه‌ركرده‌و سیاسه‌تمه‌داران كه‌ له‌ ووڵاتانی ئاسیادا له‌م دوایانه‌دا هاتوونه‌ته‌ سه‌رده‌سه‌ڵات و به‌ هۆی گۆرانی سیسته‌می جیهانیه‌وه‌ سه‌روه‌ت و سامانێكی زۆریان كۆكردوه‌ته‌وه‌، ناتوانین بڵێین له‌ ژیانیان تێگه‌شتووین تا نه‌كرێنه‌ بابه‌تی رۆمان. به‌هه‌مان شێوه‌ ئه‌ركی رۆماننوسی كورده‌ كه‌ بمانباته‌ ئه‌ودیوو رواڵه‌ته‌ ته‌مومژاوی و سه‌روسمێڵ بۆیاخكراوه‌كانی سه‌ركرده‌ كورده‌كانه‌وه‌. چونكه‌ ئه‌وان كه‌ قسه‌ئه‌كه‌ن؛ جگه‌ له‌ كۆمه‌ڵێ كلێشه‌ی بێمانا، هیچ نالێن. كه‌ ده‌رئه‌كه‌ون ئه‌بریقێنه‌وه‌ له‌ بۆیاخدا. ئه‌گه‌ر ئه‌وكاته‌ی بۆ بۆیاخی سه‌روسمێڵیان ته‌رخانی ئه‌كه‌ن بۆ خوێندنه‌وه‌ی رۆژنامه‌یه‌كی ئازاد ته‌رخانیكه‌ن، ره‌نگه‌ حاڵی میلله‌ت تۆزقاڵێ باشتربێت.
ئێمه‌ وه‌ك خه‌ڵكی كورد له‌و رووه‌مه‌تانه‌وه‌، بۆ چه‌ندین جار، گوێبیستی جاری شه‌ربووین. شه‌ری براكوژی، یه‌كتركوژی، كوردكوژی. هه‌ر ئه‌و رووه‌مه‌تانه‌، پاشان دێن، به‌ به‌رچاومانه‌وه‌ یه‌كتری ماچ ئه‌كه‌ن و پیرۆزبایی كۆتایی شه‌رمان پێ رائه‌گه‌یه‌نن. داوامان لێئه‌كه‌ن كه‌ دڵخۆش بین ئاهه‌نگ بگێرین. ئایا ئه‌م رووه‌مه‌تانه‌ شه‌رخوازن یان ئاشتیخواز. كورددۆستن یان خۆدۆست. داوای چیمان لێئه‌كه‌ن. چۆن بیانبینین. وه‌ك پاڵه‌وانی جه‌نگه‌كان یان سیاسه‌تمه‌داری سه‌رخوانه‌كان. ئایا ئه‌وان له‌ گه‌ڵ ئێمه‌دا چ په‌یوه‌ندیه‌كیان هه‌یه‌. باوكن یان سه‌ركرده‌. بۆچی هه‌رده‌م داوامان لێئه‌كه‌ن كه‌ بڵێین به‌ڵێ.

لەوە زیاتر، ئەوان داوامان لێئەکەن، بە گوێماندا ئەدەن، کە ئەوان ئەوەیان کردوە، لە داهاتوودا ئەوانەی تر ئەکەن، بۆیە ئێمە دەبێ گوێرایەڵ بین، سەری رەزامەندیان بۆ بلەقێنین و بڵێین باشە. زۆر جار پێمان دەڵێن چۆن بژین، چی بکەین. بۆچی خۆمان بە کوشت دەین. هەندێ جاریش داوامان لێئەکەن کە بیانکەینە بابەتی گۆرانیەکانمان، وێنەکانیان هەڵواسین. هۆکاری گەورەی ئەم تراژیدیانە رەگی لە کەلتورو شێوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئینسانی کورددا هەیە.

بەڵام لەوە ئەچێ سەردەمێ تر بەرێوەبێت. سەردەمێ کە روخسار و رووالەتی نوێ دێنێتە ئاراوە. یەکێک لەو روخسارە تازانە. پارێزەری شاری ئامەد (دیاربەکر) عوسمان بایدەمیرە. بایدەمیر تەمەتی تەنها 34 ساڵە. ئەمرۆ لە کوردوستانی باکور نوێنەری ئەو نەوە نوێیەیە کە دەیەوێ سەربەخۆ وەک کورد بژی.

بەپێی قسەی رۆژنامەنوسێکی ئەمریکی کینزەر؛ عوسمان بایدەمیر  لە رۆژی هەڵبژاردنیەوە بووەتە قسەکەری ئەم نەوە نوێیەی کورد لەتورکیا. کینزەر کە لە گۆڤاری نیورک بۆ رانانی کتێب بابەتێکی دوورو درێژی دەربارەی بارودۆخی کورد لەتورکیا بڵاوکردەوە، هەروەها سەردانی بایدەمیریشی کردبوو. ئەو ئەڵێت؛ عوسمان بایدەمیر پێی ووتم؛ ئەو نیمچە دەوڵەتەی کە بۆ کورد لە باکوری عێراق دروستبووە، مایەی خۆشحاڵیەکی زۆری خەڵکە لێرە. بەڵام لە لایەکی ترەو خەڵك لێرە نایەنەوێ ببنە بەشێک لەو ووڵاتە. لەبری ئەوە دەیانەوێ ببنە هاووڵاتیەکی تورکیا ئەگەر تورکیا ئامادەبێت هەڵوێستی بگۆرێت بەرامبەریان. (بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە دەتوانی بگەرێتەوە بۆ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی).

بایدەمیر، لاوە، هەڵبژێردراوە. (دوو سیفەت کە لە هیچ سەرکردەیەکی تری کورددا بوونی نیە). پێش ئەوەی ببێتە لێپرسراوی شاری دیاربەکر، پارێزەرێکی ناسراوو چالاک بوو لە بواری مافی مرۆڤدا. ئەو لە پێشێلکردنی یاساکانی دەوڵەت ناترسێ. بەکوردی دەنوسێ و قسەئەکات. دەڵی لە منالێدا جگە لە کوردی هیچ زمانێکی تر نەزانیوە. ئەم رۆژانە بایدەمیر لە سەفەرێکایە بۆ ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی شاری ئامەد بکاتە دەستە خوشکی شاری شارنەڤێل، کەلە ئەمریکا بە کوردوستانی بچکۆلە ناسراوە، لە بەر زۆری ژمارەی کورد لەو شارەدا. لە نێو ئەو کوردانەی ئەوێ خەڵکێکی زۆری پسپۆر و شارەزا هەن لە بوارە جیاجیاکاندا کە هەندێکیان لە نزیکەوە راوێژکاری مەسعود بارزانین.

بایدەمیر سەردانی واشنتون و نیورکیش ئەکات. لە چەندین ئەنستیتۆ قسەئەکات. دەرکەوتنی کەسێکی چالاک روومەتێکی نوێ، چەند لایەنێکمان بۆ روون ئەکاتەوە. لەوانە؛ ئێمە نابێ وەها بیربکەینەوە کە ئەوانەی دەبنە سەرکردە ئیتر تا مردن دەبێ سەرۆک بن. نابێ وەها بیربکەینەوە کە لە نێو گەلی کوردا جگە لەوانە ئیتر کەسی تری بە توانا نیە. ئەم بروایانە دژ بە دیموکراسیەتن و هەردەم تراژیدیا بەرهەم ئەهێنن. هیوادارم بایدەمیر هەرکە کاتی رۆشتنی هات بروات.